

# بەختیار عەلی:

## هەموو تێکستە جوانەکانی ئەدەبی ئێمە، بەرهەمی کارلێکەری و نزیکبوونەوەن لە ئەدەبی دنیا

**یەکێک لەو ژانرە ئەدەبییانەی کە قسەکردنی زۆر هەڵدەگرێت و ستراکتۆرو مێژووی تایبەت بەخۆی هەیە «ڕۆمان»ە.**

**بە مەبەستی ناسینی ئاست و ڕۆڵی ڕۆمان لە کۆمەڵگە شارستانیەکان و کاریگەریی لەسەر خەون و خەیاڵ و خولیاکانی کۆمەڵ و ڕۆڵی گرنگی لەسەر گۆڕینی بیرکردنەوەی مرۆڤ و نیشاندانی هەمەڕەنگێتی ژیان.. بە پێویستمان زانی ڕوو بکەینە لای چەند ڕۆشنبیرێک، بەتایبەت ئەوانەی خامەی بە بڕشتیان لە دنیای نووسین و خەونی «ڕۆمان»دا تاقیکردۆتەوە، بەو نیازەی ئەم نووسەرانە ئاست و بەها ئەدەبییەکانی ئەم ژانرەمان بۆ شەن و کەو بکەن.**

**سەرەتا دەمانویست لە مێزگردێکدا ئەم ئامانجەمان بەدی بهێنین، بەڵام وادیارە ئەو بەڕێزانەی کە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤارەکەمانیان داوەتەوە مافی تەواویان بە پرسیارەکان داوە، بۆیە وەڵامەکانیان هەندێک درێژبوونەتەوە، ئێمەیش بە باشمان زانی وەڵامەکانی هەر بەڕێزەو بە جیاواز بڵاوبکەینەوە، سەرەتا بۆ ئەم ژمارەیە وەڵامەکانی نووسەرو ڕۆماننووسی کورد «بەختیار عەلی» بڵاودەکەینەوە، لە ژمارەکانی داهاتووشدا دەرگا بۆ بڵاوکردنەوەی وەڵامەکانی تر ئاوەڵا دەکەین.**

**ڕامان:** چۆن دەڕوانیتە ئاستی ڕۆمانی کوردی؟

**بەختیار عەلی:** قسەکردن لەسەر ڕۆمانی کوردی وەک یەکەیەکی گشتی و یەکگرتوو مومکین نییە لە ڕەوتی ئەو چەند ساڵەدا چەندەها تێکست بەناوی ڕۆمانەوە هاتوونە بازاڕەوە کە هەندێکیان کەم تا زۆر پێوەندییان بە ڕۆمانەوە نییە، لێرەوە قسەکردن لەسەر ڕۆمانی کوردی هەڵەو دژوارییەکی گەورەی لەخۆ گرتووە کاتێک قسە لە ڕۆمانی کوردی دەکەین بەو شێوە گشتییە، ئەو تێکستانەی ئەدەبن و ئەوانی دی کە ناچنە خانەی ئەفراندنەوە دەخەینە ناو یەک کلێشەی گشتییەوە. بەشبەحاڵی خۆم ئەم زاراوەیەم کاتێک قبووڵە کە خۆی لەو «بێڕوخساری» و «دیارینەکردن» ڕزگار کرد. لێرەدا ناتوانم لەسەر یەک بەیەکی تێکستە کوردییەکان قسە بکەم، بەڵام دەتوانم هەندێک هەڵەی هونەری کوشندە لەو تێکستانەدا دیاری بکەم کە زۆرجار لەژێر نازناوی ڕۆمانی کوردیدا دەیانخوێنینەوە. ئەم ڕستە هەڵانە بەردەوام دووبارە دەبنەوە، واتە سیفەتی یەک تێکست نین، بەڵکو سیفەتی زنجیرەیەک تێکستن، بۆیە سروشتی هەڵەی تایبەتی وەرناگرن و بوونەتە خەوشێکی کوشندە لە ستراکتۆری ڕۆمانی کوردیدا.

هەندێ لە هەڵەکان بەمجۆرەی خوارەوە کورتدەکەمەوە.



ئەدگار ئالان پۆ

١- جیـانەکـردنەوەی ڕۆمـان لە ژیننامـەی تایبـەتی و لە ئەدەبی یاداشت.

٢- گۆڕانی فانتازیا بۆ جۆرێک لە وڕێنە، واتە ناکاملێیی پێـوەندی لەنێـوان خـەیاڵ و ڕەگـەزەکـانی دیکەی ڕۆمـان لە تێکستی کوردیدا.

٣- لاوازیی پێوەندیی نێوان بەشە جیاوازەکان و کاراکتەرە جیاوازەکانی ناویەک تێکستدا.

٤- ونبوونی چنینێکی بەهێز کە بەشە جیاوازەکان و ئاستە جیاوازەکان پێکەوە گرێبداتەوەو هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە لە ڕێگای یاریکردن بە زمان و بەهێزکردنی ڕووکاری ئینشایی تێکستەوە.

٥- لاوازییـەکی بێـئـەندازە ترسناک لە دروسـتکردن و بەرجەستەکردنی فـەزای کۆمـەڵایەتی یان دەروونی یان هەتا شەخسیشدا بۆ کاراکتـەرەکان، بە ئەندازەیەک دەتوانم بڵێم تێکستی کوردی لاوازترین تێکستی دنیایە لە دروستکردنی ئەو جۆرە فەزایانەدا.

٦- نائامادەگی تەواوەتیی ڕەهەندی فیکری و فـەلسـەفیی داڕێژراو لە ڕۆمـانە کـوردییـەکـاندا، بە ئەندازەیەک هەست دەکەیت نووسەرەکانی خاڵی لەهەر دیدێکی قـووڵ بۆ بوون و مرۆڤ دەنووسن.

٧- گۆڕانی تەکنیک بۆ بارێکی قـورس بەسەر سیستـمی گێڕانەوەوە، واتە نەبوونی گونجان و یەکێتی و لۆژیک لەنێوان تەکنیکی گێڕانەوە «سرد»و بابەتی گێڕانەوەدا.

٨- تێکچـوونی پێـوەندی لەنێـوان ئەدەب و مـێـژوودا لە ڕۆمانی کوردیدا، مێژوو یان ئامادەگییەکی هێندە کاڵی هەیە بەشێـوەیەک هەست دەکـەین هەمـوو ڕووداوەکـان لە دەرەوەی مـێژوو ڕوودەدات، یان ئامـادەگـییـەکی هێندە بەهێـزی هەیە، مـاناو کـاراکـتـەری کـۆی ڕەگـەزەکـانی تر دەکـوژێت و کاراکتەرەکان وەک بووکە شووشەی بچووکی دەستی مێژوو نیشان دەداتەوە.

٩- نەبوونی چیرۆکێکی سەنتراڵ کە کاراکتەر بە ڕۆمانی کوردی ببەخشێت. «چیرۆک» بە مانای زنجیرەیەک ڕووداو کە پێوەندییەکی ئۆرگانیی بەهێز لە ئاستی «هۆکارو دەرەنجامدا» جەمسەرەکانیان بەیەکەوە گرێ دەدات. زەمەنێکی ڕۆمانکاری تایبـەت کـۆیان دەکـاتەوە.. کـۆمـیـدیتـرین خـەوشی چیـرۆکی کوردی ئەوەیە کـە زۆرجار چیرۆکی تێدا نییە، ئەمـە جگە لە ڕۆمان، کورتە چیرۆکیش دەگرێتەوە.

**ڕامــان:** ئایا ڕۆمـانی کـوردی توانیـویەتی کـەڵک لە ڕەوتە تازەکانی ئەدەبی جیهـانی وەربگرێ و لە بەرژەوەندیی ئەدەبی کوردیدا بەکاری بهێنێت؟

**بەختـیـار عـەلی:** ڕۆمـان وەک ژانرێکی ئەدەبی، تەنیـا لە پێـوەندیدا بە ئەدەبی جیـهـانیـیـەوە پێـدەگـرێت. ڕۆمـانی فـەرەنسـیی سـەدەی نۆزدە لەژێر کـاریگـەرییـەکی گـەورەی ئەدەبیـاتی ئینگلیـزیدا بووە، ڕۆمـانی ڕووسی لەژێر کاریگەرییەکی گەورەی ئەدەبیاتی فەرەنسیدا بووە، ڕۆمانی عەرەبی و فارسی هەر لەژێر ئەو کاریگەرییانەدا گەورەبوون. دیارە لـە هەمـــوو ئـەم ئەدەبیـــاتانەدا دەنگی هەنـدێ ناسیۆنالیستی ساویلکە دەبیستین کە دەڵێن «نا، ئەدەبیاتی ئێـمە تەنیـا بەهرەی خۆمـان دروستی کـردووەو شوێن دەسـتی کـەسی تر بە ئەدەبیـاتی ئێـمـەوە نیـیـە»، بەڵام ئەوانە هێندەی تەعـبیـرن لە هەندێ خـواسـتی ئایدیۆلۆژی پێـوەندییـان بەو ڕاستییانەوە نییە کە لەسەر شانۆی ڕۆمان خۆی دێنە بەرچاو.

ڕەوتێک ئێـستـا لە ئەدەبی دنیادا بەسەر هەمـوو ڕەوتەکـانی دیدا زاڵە ئەوەیە کـە ئەدەبیات تەنیـا لە ڕێگای پێـوەندی بە ئەدەبیاتی ترەوە گەشە دەکات. تەنیا نووسـەری فرە کولتوور دەتوانێت تێکسـتی فـرە ڕەهەند بەرهەم بهێنێت. ڕۆمـان یان بوونی نییە، یان کە هەبوو زادەی ڕێنووسێک دەبێت ئاگاداری ژیانە لەسـەر ئەم ئەستـێرەیە. ڕۆمان یان ڕۆمـان نییـە یان کە بووە ڕۆمـــان مـانای لە تێکەڵاوی و تێگەیشتن و دیالۆگـدا لەگـەڵ ئەدەبیـاتی دنیـادا گەورە بووە، هەمـوو تێکسـتێکی سـەرکەوتوو، لە جەوهەردا لە پێـوەندیی بە ڕەوتە گەورەکـانی ئەدەبی جیـهـانییـەوە پێدەگـرێت. تێکستێکی سـەرکـەوتوو لەسـەر ئەم ئەسـتێـرەیە نییـە، لە پێوەندیدا بە ئەدەبیاتەکـانی ترەوە نەهاتبێـتـە دنیـاوە بۆ ئەوەی بزانین ئێـمـە کـەڵکمـان لە ئەدەبیاتی دنیا بینیوە، دەبێت سەیری تێکستەکانی خۆمان بکەین و ببینین چەند سەرکەوتوون، چەند لە ڕووی ستاتیکی و فـەلسـەفی و مـاناوە قـووڵبـوونەتەوە، هەمـوو ڕۆمـانێکی سـەرنەکـەوتوو شـاهیـدی دابڕان و کـەمـتـەرخـەمی و کەمکاریگەریی ئەدەبیاتی دنیاشە لەسەر ئێمە. من پێموایە هەر ڕۆمانەو بەتەنیاو بۆ خۆی ئەم وەڵامە دەداتەوە. ڕۆمانی

سەرنەکەوتوو هەمیشە ڕۆمانێکی بێئاگاشە، ئەم بێئاگاییە ئاوێنەی پەروەردەی ڕۆشنبیریی نووسەرەکانیشن بۆ خۆیان لە پشت هەموو ڕۆمانێکی سەرنەکەوتووەوە، نووسەرێکی بێئاگا لە ڕۆمانەکانی دیکەی دنیا وەستاوە.

لێرەدا هەر ڕۆمانەو بەتەنیا بۆ خۆی قسە دەکات، من باوەڕم بەوە نییە بڵێم یەکێک لە ڕۆمانەکان بە ناوی هەموو ئەدەبیاتی ئێمەوە قسە دەکات. لە ئەدەبیاتی ئێمەدا هەندێ تێکستی بە ئاگاو دەیان تێکستی بێئاگا هەیە. ئەو تێکستانەی لەسەر پاشخانی جەهل وەستاون، تەنیا بە ناوی جەهلی خۆیانەوە قسە دەکەن و تەعبیر نین لە هەموومان، ئەو تێکستانەش لە قووڵایی ئەزموونێکی ڕۆحی و فیکرییەوە دێنە دەرێ، لە شارەزاییەوە لە ئەدەبیاتی دنیا قسە دەکەن بە تەنیا تەعبیر لە خۆیان، واتە تەعبیر نین لە واقیعی ڕۆشنبیریی ئێمە، گەر کۆمەڵێک نووسەر هەوڵدەدەن و دەیانی دی دەخەون، ئەمە وا دەکات واقیعێک بخوڵقێت، زاراوەگەلی «ڕۆمانی کوردی» «شێوەکاریی کوردی» «شیعری کوردی».. تاد مانایەکی نەمێنێت، دیارە ڕۆمانە باشەکانی ئێمە تەعبیرن لە پێوەندییەکی قووڵ بە ئەدەبیاتی نوێی دنیاوە، بەڵام ئایا ئەم ڕۆمانانە تەعبیرن لە واقیعی ئەدەبیی ئێمە. ئایا ئەمانە تەنیا بە ناوی خۆیانەوە قسەدەکەن یان هێزێکی فیکریی هەیە بیانکاتە نوێنەری واقیعی ئەدەبیی ئێمە. لە واقیعی ئێمەدا هیچ تێکستێک نییە بتوانێت ئیددیعای نوێنەرایەتیی ئەدەبی کوردی بکات. لەبەر ئەوەی ڕۆشنبیریی کوردی لە حاڵێکی هێندە داهێزراوو دواکەوتوودایە مەرجەعییەتی ئەوتۆی دروست نەکردووە ئەم جۆرە حوکمانە بدات. لە گۆڤارە کوردییەکاندا هەموو شتێک بێ سانسۆرێکی مەعریفی و ستاتیکی بڵاودەبێتەوە، لاپەڕەیەک گوڵەو دە لاپەڕە زبڵ، هەمووشیان لەسەر ڕووپەڕی یەک گۆڤار یان بڵاوکراوە ڕیز دەبەستن. هەمووشیان لە غیابی ڕەخنەو هەڵسەنگاندندا دەکەونە بازاڕو دەکەونە بەردەستی ئەو خوێنەرە سادانەی بەشێکیان توانای جیاکردنەوەی نییە. لێرەوە ناکرێت قسە لەسەر ئەوە بکەین، ئەدەبی کوردی چۆنە، بەڵکو دەتوانین قسە لەسەر تێکستەکان بکەین. ئەدەبی کوردی بەگشتی لە دۆخێکی خراپدایە، مەرجەعییەتێکی مەعریفیی نییە، مەرجەعییەتێکی ڕەخنەیی نییە، لە دۆخێکدا ڕەخنە خۆی ئاگای لە ئەدەبی دنیا نەبێت، چۆن دەتوانێت دوورو نزیکیی تێکستەکان لە ئەدەبیاتی دنیاوە بخوێنێتەوە، لێرەوە قسەکردن لەسەر پێوەندیی تێکستی کوردی بە ئەدەبی دنیاوە، سروشتێکی تراجیدۆکۆمێدی وەرگرتووە، بۆ ئەوەی زاراوەیەکمان هەبێت ناوی «ڕۆمانی کوردی» بێت ڕەخنەیەکمان هەبێت، ڕوخساری ئەم ڕۆمانەی بەرابەر بە ڕوخساری ئەدەبیاتەکانی دیکە ناساندبێت، بەڵام کە ڕەخنە خۆی نەزانێت لەسەر شانۆی ئەدەبیاتی دنیا چ باسە، بەرابەر بەچی ئەم ڕوخسارە دیاری دەکات؟ لێرەوە لەجیاتی قسەکردن لەسەر پێوەندیی ئەدەبیاتی ئێمە بە ئەدەبیاتی جیهانەوە، قسە دێتە سەر ئەو خەیاڵپڵاوە بیمارو دەردەدارەی کە دەڕوات لێرەو لەوێ تێکست دەخوێنێتەوەو دێتەوە دەڵێت «خوێنەرانی ئازیز ڕۆمانێک هەیە باسی پیاوێک دەکات کە کوژراوە، ڕۆمانێکی تریش هەیە هەر باسی پیاوێک دەکات کە کوژراوە، کەواتە ڕۆمانی دووەمیان لە یەکەم دزراوە»، دیارە خۆت و خوێنەران دەیان نموونەی لەم بابەتەتان لەبەردەستدایە.

ئەمڕۆ ئەم خەیاڵە نەخۆشە پێوەندیی ئەدەبیاتی ئێمەو ئەدەبیاتی دنیا دەخوێنێتەوە. ئەم خەیاڵە نەخۆشە قسە لە پێوەندیی ئەدەبی ئێمەو جیهان دەکات. لە جۆرە فەزایەکی وا بیماردا دیاری کردنی جەمسەری پێوەندیی نێوان تێکستی ئێمەو ئەدەبیاتی دنیا گەر ئەستەم نەبێت، ئەوا زۆر زەحمەتە. هەموو تێکستە جوانەکانی ئەدەبی ئێمە، بەرهەمی پێوەندی و کارلێکەری و نزیکبوونەوەن لە ئەدەبی دنیا، کاریگەریی ئەدەب و کولتووری ئیسلامی و فارسی نەبایە مەحوی لە دایک نەدەبوو، کاریگەریی تەواوی ئەدەبیاتی ئینگلیزی نەبایە گۆران نەدەبوو، بەڵام ئەمڕۆ عەقڵییەتێکی بیمار کە کۆمەڵێک ڕۆژنامەو گۆڤار پاڵپشتی دەکات، دەیانەوێت پێوەندیی ئەدەبی ڕاستەقینەی ئێمە بە ئەدەبیاتی دنیاوە، وەک چەکێک بەکاربهێنن، تا گومان لەسەر داهێنان و جوانی دروست بکەن. کێشەی مەزنی ئەم عەقڵییەتە ئەوە نییە کە لێکچوون دەدۆزێتەوەو لەسەر بنەمای ئەو لێکچوونەوە نووسەران بە دزی تاوانبار دەکات، گەر وابایە دەمانگوت ئەم برادەرە لە پێوەندی نێوان ئەدەبیات تێناگات و تەواو، بەڵام کێشەکە لای ئێمە کۆمیدیترە، ئەوەیە ئەو برا ئازیزانە لێکچوونیشیان بۆ نادۆزرێتەوەو کەچی بەردەوامیشن لە توهمەت دروستکردندا. تەماشای ئەو دوا توهمەتانە بکە کە لە گۆڤاری ئاییندەدا لەسەر ئێوارەی پەروانە بڵاوکراوەتەوە، کە گوایە زۆر لە ڕۆمانی ساڵی بەلوای عەباسی مەعرووفی دەچێت. من کە وتاری ئەو برادەرەم خوێندەوە هێشتا ڕۆمانەکەی عەباسی مەعرووفیم نەبیستبوو، دواجار هاوڕێیەک لە سوێدەوە ڕۆمانەکەی بۆ ناردم، کە ڕۆمانەکەی عەباسی مەعرووفیم خوێندەوە تاکە شتێک سەرسامی کردم، وزەو تواناو بەهرەی هەندێک خەڵکە لەسەر داتاشین و شێواندن و درۆکردن و یاری کردن بە ڕەنجی خەڵک، ئەوەی کە پێی سەرسام بووم ئەوە بوو کە بە دەگمەن ڕێدەکەوێت دوو تێکست لە دنیادا هێندە لە یەکتری دوور بن و لە یەکتری

نەچن و هیچیان نەچێتەوە سەریەک. گەر لیژنەیەک دروست بکەیت و چەندین ساڵ کاتیان بدەیتێ و پێیان بڵێیت دوو ڕۆمان بنووسن هیچیان لە یەکتری نەچێت، باوەڕ دەکەم دوو تێکست دەنووسن هەر بە ئەندازەی ئێوارەی پەروانەو ساڵی بەلوا لەیەک دوور بن. دیارە کە مرۆڤ بڕیاری دا درۆ بکات هیچی لەگەڵدا ناکرێت. ئاساییە ئێوارەی پەروانە یان هەر تێکستێکی کوردی لە هەندێک تێکستی دیکەی دنیاوە نزیک بێت، بەڵام من دڵنیام ئێوارەی پەروانە لە «داستانی گلگامێش» و «ئەفسانەی هیندییە سوورەکان» و «حیکایەتی خەڵکی قوتبەکان» و... تاد نزیکترە نەوەک لەو ڕۆمانەی عەباسی مەعرووفی. بەهەر حاڵ لێرەدا نامەوێت زیاتر قسە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکەم، گەرچی پێوەندییەکی تەواوی بە جەوهەری پرسیارەکەتەوە هەیە، بەڵکو ویستم نموونەیەکی نزیکت نیشان بدەم لەبارەی چۆنێتی خوێندنەوەی پێوەندی ئەدەبی ئێمەو دنیا لە «ڕەخنەی کوردیدا». ئەو عەقڵییەتە بیمارە توانای دۆزینەوەی پێوەندی نییە، ئەدەب بێ پێوەندی ناژی، بەڵام بۆ ئەوەی قسە لە پێوەندی بکەیت پێویستت بە خەیاڵێکی تەندروست هەیە. ئەوانەی ئەمڕۆ قسە لە پێوەندی نێوان ئەدەبیاتی ئێمەو ئەدەبیاتی دنیا دەکەن، بە مەبەستی شیکارو ڕاڤەو خوێندنەوەی کاریگەری ئەدەبیات لەناو یەکدا ئەم کارە ناکەن، ئەمەیان پێویستی بە خوێندنەوەیەکی زۆرو ئاگادارییەکی بەردەوام و خەیاڵێکی تەندروست هەیە، ئەوانەی قسە لەو پێوەندییە دەکەن ئەو کەسانەن کە بە ڕۆشنبیرییەکی ئێجگار کەمەوە، دوو تێکست دەشێوێنن و بەزۆر کورت و درێژیان دەکەنەوەو کۆمەڵێک ئەحکامی گشتییان لێ دەردەهێنن کە بۆ هەموو دوو تێکستێکی ئەم دنیایە ڕاستە. ئەمانە دەزانن ئاسانترین و باشترین ڕێگە بۆ شێواندنی تێکستێکی ئەدەبی تاوانبار کردنێتی بە دزی، دەزانن ئەمە ئاسانترین ڕێگەیە بۆ تەکاندنەوەی خوێنەران لە تێکستێک یان نووسەرێک. لێرەوە زۆرجار ناچارن بەپەلە شتێک «گەڵاڵە بکەن» شتێک کە لە هەر تێکستێکدا کە بە ڕێکەوت بە خەیاڵیاندا بێت، ئەوان هەمیشە دەبێت پەلە بکەن، چونکە دەیانەوێت بەخێرایی تێکستێک بشێوێنن و دواتر لە چایخانەو یانەو سەرمێزەکان دانیشن و ئاسوودە پاڵ بدەنەوەو بڵێن «هەر ئێمە بەتەنیا ئیفلیج نین، ئەوانەش کە بە نووسەرو داهێنەرتان دەزانین ئەوەتا دزن». گەر لە جەوهەردا سەیر بکەیت کۆی گەمەکە لە چیرۆکێکی کۆمیدی عەزیز نەسین دەچێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا گەمەکە «گەمەیەکی چەپەڵە» قوربانی یەکەمی ئەم یارییە ئەو نووسەرانە نین کە ئەم جۆرە یارییە دژیانیان لە دژ ئەنجام بدرێت. داهێنەر کە لەو دزێوییە گەورانەی دنیا تێگەیشت دەتوانێت لەو دزێوییە



مۆپاسان

بچووکانەش تێبگات کە بەرامبەر بەخۆی دەکرێن، قوربانی یەکەمی ئەم گەمە چەپەڵە ڕەخنەی کوردی و پێوەندی ئەدەبیاتی ئێمەیە بە ئەدەبیاتی دنیاوە. ئەو نەوەیەیە کەوا پەروەردە دەکرێت کە گەر لە دووتێکستدا دوو حیکایەتی خۆشەویستی خوێندەوە ئەوا دەبێت یەکێکیان لەوی دیکەیانەوە دزرابێت، گەر لە دوو تێکستدا دوو ژنی نەخۆشیان بینییەوە ئەوا دەبێت یەکێکیان لەوی دییەوە دزرابێت، گەر لە دوو تێکستدا وەسفی دوو باڵندەیان دۆزییەوە دەبێت یەکێکیان لەوی دییەوە دزرا بێت، چونکە هەردووکیان وەسفن و هەردووکیان باسی باڵندەن. ئەم یارییە چەپەڵە جگە لە نەوەیەکی نەخۆش لە خەیاڵدا چی دروست دەکات؟ دیارە من دەزانم بەشی هەرە گەورەی خوێنەران پێکەنینیان بەم گەمەیە دێت، بەڵام ئێجگار پڕ مەترسییە بڵێین لەبەر ئەوەی ئەمانە قسەی بێمانان و خوێنەرە هۆشمەندەکانی ئێمە گاڵتەیان پێی دێت، کەواتە لێگەڕێ با چی دەڵێن بێ بەدواداچوون بیڵێن، منیش دەزانم تەمەنی درۆ لەم مەسەلانەدا کورتترە لە تەمەنی هەر جۆرە درۆیەکی تر، بەڵام نابێت لێگەڕێین پێوەندی نێوان ئەدەبیاتی ئێمەو دنیا بەمجۆرە بخوێنرێتەوە. لە دواجاردا ئەوەی من دەمەوێت بە کورتی بیڵێم، ئەم دوو خاڵەیە:

١- تەنیا پێوەرێک بۆ مەوداو ئاستی سوود وەرگرتنی ئەدەبیاتی ئێمە لە ئەدەبیاتی دنیا، سەرکەوتن و ستاتیکاو قووڵی تێکستەکانی خۆیانە، چونکە تێکستی ئیبداعی تەنیا لە پێوەندیدا بە تێکستی دیکەوە لە دایک دەبێت. ئەمە یاسایەکە ناوازەی تێدا نییە. کەس نییە بتوانێت ئاگاداری دنیا نەبێت و لەماڵەوە قاچ بنێت بە دیوارەکەی خۆیانەوەو ڕۆمانێک، چیرۆکێک، قەسیدەیەکی جوان بنووسێت.

٢- ڕەخنەی کوردی ئەمڕۆ، توانای دۆزینەوەی ئەو کەناڵانەی نییە بتوانێت پێوەندی ئەدەبی ئێمەو دنیا

بخوێنێتەوە. لەم چەند ساڵەی دواییدا دووتێکستی جیدی لەسەر پێوەندی ئیبداعی تێکستێکی ئێمە، بە تێکستێک یان شەپۆلێکی ئیبداعی جیهانییەوە نەنووسراوە، لەبری ئەوە دەزگایەک لە کاردایە بۆ بەکارهێنانی ئەو پێوەندییە وەک ڕێگایەکی تەشهیر پێکردن، واتە ئەم پێوەندییە کە لە جەوهەردا تاکە ڕێگای گەشەکردنی ئەدەبیاتی ئێمەیە، ئەمڕۆ کەسان گەلێکی زۆر هەن بۆ خاڵیکردنەوەی ئەدەبیاتی ئێمە لە جوانی و مانا بەکاری دەهێنن.

**ڕامان:** ڕۆماننووسی کورد چەند توانیویەتی فرەدەنگی بەکاربێنێ، بەبێ ئەوەی تەکنیکی هونەری ئەم ژانرە بشێوێنێ؟

**بەختیار عەلی:** سەیرکە هاوڕێم، تەکنیک خۆی هیچ شتێک دیاری ناکات، نهێنی تێکست و داهێنان بە تەنیا لەناو تەکنیکدا نییە.

لە شوێنێکی دیکەدا گوتوومە، کەس نابێتە شێوەکارێکی گرنگ لەبەر ئەوەی تەجرید یان ئینتیباعی یان تەعبیری ڕەسم دەکات. نهێنی و سەرکەوتنی داهێنان لەودیو ئەو سەرەتایەوە دەست پێ دەکات. ئەوە گرنگ نییە تۆ بە چ تەکنیکێک ڕەسم دەکەیت، گرنگ ئەوەیە بەو تەکنیکە چ نەبینراوێک دەهێنیتە ناو مەودای بینینەوە، لە نووسینیشدا هەمان شێوەیە. شێوازی پۆلیڤۆنی لە ڕۆماندا خۆی لەناو گێژەنی تیوریدایە، هەندێک پێیان وایە ڕۆمان چەند ئیدیعای فرەدەنگی بکات هێشتا هەر تاک دەنگەو هەمیشە تەعبیرە لە دەنگی نووسەر، واتە فرەدەنگی دواجار دەمامکێکە بۆ شاردنەوەی تەنیا دەنگێک کە خۆی بەسەر چەند کەناڵێکی جیاوازدا دابەش دەکات. واتە دەڵێن ڕۆمان چەند فرەدەنگ بێت، هێشتا هەر تاک دەنگەو فرەدەنگی جگە لە پەردەپۆشکردن و شاردنەوەی ڕیتم و ئیقاعاتی ناوەوەی ئەو تاک دەنگە زیاتر هیچی تر نییە. هەندێکیش پێیان وایە فرەدەنگی خەسڵەت و سیفەتی هەموو دەنگێکی ئینسانی تاکڕەویشە، لایانوایە هەموو تێکستێک هەتا ئەوانەش کە قسەکەرێکیان هەیەو «من»ێکی حیکایەتخوان لە ناوەڕاستی تێکستەکەدا نیشتەجێیە هەر فرەدەنگن، چونکە هەموو دەنگێکی تاک دواجار هیچ نییە جگە لە چنین و کۆبوونەوەو یەکگرتنەوەی کۆمەڵێک دەنگی تر لە سیستمێکی پێوەندی نوێدا، واتە هەر یەکێک لە ئێمە کە قسە دەکات لە جەوهەردا قسەکانی پڕن لە سەداو دەنگدانەوەو دیالۆگ و تەبایی و ناتەبایی لەگەڵ دەنگەکانی تردا. هەر یەکێک لە ئێمە کە قسە دەکات قسەکانی کەناڵی دەرکەوتنەوەو بەرجەستەبوون و هەستانەوەی قسەی کەسان گەلێکی دیکەشن. لەنێوان ئەم دوو بۆچوونەدا دوو دیدی جیاوازیش بۆ ڕۆمان دروست دەبێت. دیدی یەکەم، دیدی ئەوانەیە کە پێیانوایە ڕۆمانی پۆلیڤۆنی بوونی نییە، ئەوی دیکەشیان پێی وایە ڕۆمان لە ڕووی تەکنیکیشەوە پۆلیڤۆنی نەبێت، لە جەوهەردا هەر پۆلیڤۆنییە، چونکە هەموو تاک دەنگێک لە دوا شیکاردا فرە دەنگییەکی ناوەکی هەڵگرتووە.

لە ڕاستیدا من تەواو لەوە تێناگەم خراپ بەکارهێنانی تەکنیک مانای چی، تەکنیک خۆی کۆمەڵێک پرەنسیپی کارکردنە کە دەشێت بەردەوام دەستکاری بکرێت، هەموو تێکستێک ڕوخسارێکی تایبەتی دەدات بە تەکنیک، هەموو تێکستێک خوێندنەوەو بەرهەمهێنانەوەیەکی تایبەتی تەکنیکیشە. پێوەندی نێوان نووسەرو تەکنیک وەک پێوەندی نێوان تفەنگ و تفەنگچی وایە، ئەوەی دواجار نیشانەکە دەشکێنێت تفەنگچییە نەک تفەنگ. کاتێک نیشانە وانێک ناتوانێت ئامانجەکەی بپێکێت، مەسەلەکە تەنیا پابەندی تفەنگەکە نییە، بەڵکو توانای بینین و تەرکیزو ئارامی ئەعساب و چەندین هۆی تر دەوری گرنگ لەو مەسەلەیەدا دەبینن.

لە ڕۆمانیشدا یان زنجیرەیەک ڕەگەز پێکەوە کۆدەبنەوەو نوشستی دەبەخشن بە تێکستێک یان پێکەوە کۆ دەبنەوەو دەبنە مایەی سەرکەوتنی کە تێکستێک خراپ بوو، تەنیا تەکنیکەکەی خراپ نابێت، بەڵکو خراپی تەکنیک بەشێکە لە خراپی کۆی جەستەیەکی گەورەتر کە ستراکتوری ناوەکی تێکستەکەیە.

ڕۆمانی کوردی لەبەر ئەوە خراپ نییە کە هەندێ لە ڕۆماننووسان تەکنیک خراپ بەکاردەهێنن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە ئەو دیدگایە خراپە کە دواجار تەکنیک بەکاردەبات، گەر تۆ ڕۆحێکت نەبێت هێند گوێگر بێت، توانیبێتی سەدای چەندین دەنگ لە قووڵایی خۆیدا کۆبکاتەوە، ناتوانێت ڕۆمانی فرەدەنگ بنووسیت. کێشەکە لێرەدا کێشەی تەکنیک نییە، بەڵکو کێشەی بەر لە تەکنیکە، کێشەی گەیشتنە بە یەکە بچووک و ناوەکییەکانی ئەو دنیایەی تێیدا دەژی، کێشەی ئەو کێشەی ئەو سیستمە عەقڵییەیە کە ئەو جیهانی لە ڕێگاوە دەبینێت، واتە خەلەل لە پێوەندی نێوان نووسەری ئێمەو دنیادا هەیە، نەوەک لە پێوەندی نێوان نووسەری ئێمەو تەکنیک کە ڕۆماننووس لە یەکەکانی ئەو قۆناغە تێنەگەیشت کە تێیدا دەژی، سروشتی ئەو مرۆڤانەی نەناسی کە لە دەوروبەری دەژین، چۆن دەتوانێت ڕۆمانی فرەدەنگ بنووسێت.

ڕۆمانی فرەدەنگ لە جیهانبینییەکەوە هەڵدەقوڵێت، هێڵی جیابوونەوەی خۆی لە دنیا دەبینێت، جیهانبینییەک ڕەنگی خۆی و ڕەنگەکانی دی دەناسێتەوەو تێی دەگات. فرەدەنگی

لەیەک کاتدا بەرجەستەکردنی خودە لە ڕێگای ڕەسمگرتنی ئەوی دییەوە، بەرجەستەکردنی ئەوی دیشە لە ڕێگای خودەوە، بەڵام جەوهەری فرەدەنگی بریتییە لە ئامادەکردنەوەیەکی بەردەوامی ئەوانی دی، گەڕانەوەیەکی بەردەوام بۆ لای ئەوانی دی و ناساندنیان وەک خودێک و دیدگایەک. فرەدەنگی دانپیانان و ناسینەوەو تێکەڵبوون و هاوبەشی کردن و سۆزداری و بیرکردنەوەیە لەگەڵ ئەوی دیدا کە تۆ لە جەوهەری مرۆڤانەتدا ئەم خەسڵەتانەت هەڵنەگرتبێت، چۆن دەتوانیت ڕۆمانی فرەدەنگ بنووسیت. کێشەی ڕۆماننووسی کورد کێشەی تەکنیک نییە، بەڵکو کێشەی نەبوونی پێوەندییەکی عاتیفییە لەگەڵ جیهان و مرۆڤەکانی دیدا.

مەرجی یەکەمی فرەدەنگی خۆشەویستی مرۆڤ و ژیانە، خۆشەویستییەک سنووری عاتیفەی سادە دەبڕێت و دەبێتە تێکەڵاو بوون لەگەڵ زمانی ئەوانی دیدا.

گەورەترین شێوەی ئامێزان بوون، ئامێزانبوون و توانەوەیە لەگەڵ زمانی ئەوی دیدا. بۆ ئەوەی ئەوانی دی ئامادە بکەیت، دەبێت ڕۆبچیتە ناو زمانی ئەوی دییەوە، بەڵام قورسی و خاوی و نەشازی ئیقاع لە هەندێک ڕۆمانی کوردیدا نائاشنایی ڕۆماننووسی کورد بە زمان بەگشتی ئاشکرا دەکات. ئەوەی دیدگایەکی نەبێت زمانی خۆی پێ بدۆزێتەوە، چۆن دەتوانێت زمانی ئەوانی دی بدۆزێتەوە؟ ئەوەی دیدگایەکی نەبێت نزیکی بکاتەوە لە خۆی چۆن دیدگایەکی دەبێت نزیکی بکاتەوە لەوانی دی. ڕۆمان هونەری ئامادەکردنەوەو هێنانە قسەو ناساندنی مرۆڤە بێ دەنگەکانە، بۆ ئەوەی مرۆڤیش بناسیت، بیهێنیتە قسەو بیناسێنیت، پێویستیت بە دنیا بینییەکی گەورەو خۆشەویستییەکی گەورە هەیە کە ئەو دوانەت ون کرد، ناتوانیت ڕۆمانی فرەدەنگ بنووسیت.

**ڕامان:** لەکاتی نووسینی ڕۆمانی مێژووییدا، ئایا ڕۆماننووس ڕۆڵی مێژوونووسێ دەبینێ یان ئازادە لەوەی ڕووداوەکان بەشێوازی نوێ بگێڕێتەوە؟

**بەختیار عەلی:** ڕۆماننووس ڕووداوەکان وەک خۆیان بنووسێتەوە یان دەستکارییان بکات، ڕۆڵی مێژوونووس نابینێت. مێژوونووس چیرۆک دروست ناکات، پاڵەوان ناخوڵقێنێت، ناچێتە ناو ساتە نهێنی و تایبەتییەکانی کاراکتەرەکانەوە، مەنەلۆگە ناوەکییەکانیان ناپشکنێ، مێژوونووس مامەڵە لەگەڵ مێژوویەکی ئامادەدا دەکات، پشتی ئەو ڕووداوە ئامادانە دەپشکنێت، بایەخی گەورە بە کاراکتەری گەورەی ناو ئەو ڕووداوانە دەدات، بایەخی مەزن بە ڕووداوە مەزنەکانی ناو مێژوو دەدات، ناچێتە ناو ساتە وردەکانەوە، کاری مێژوونووس ئەوەیە مێژوو لە خەیاڵ پاک بکاتەوە.

کاری ڕۆماننووس تەواو بە پێچەوانەوە ئەوەیە مێژوو بە بارگەیەکی خەیاڵاوی توند بارگاوی بکات، کاری مێژوونووس ئەوەیە نەهێڵێت نووسینەوەی مێژوو تێکەڵ بە فەنتازیا بێت. کاری ڕۆماننووس ئەوەیە نەهێڵێت فەنتازیا لە مێژوو جیابێتەوە. لای مێژوونووس فەنتازیا دوژمنی گەورەی حەقیقەتە، لای ڕۆماننووس فەنتازیا تاکە ڕێگای گەیشتنە بە حەقیقەت.

بەر لەوەی بەتەواوی بچمە ناو قووڵایی وەڵامەکەوە، حەز دەکەم بۆت ئاشکرا بکەم کەمن تەواو بەزاراوەی «ڕۆمانی مێژوویی» خۆشحاڵ نیم ئەو زاراوەیە زرینگەیەکی تەواو لۆکاشییانەی هەیە، ئاشکراشە ڕیشەی ئەم تێگەیشتنە لۆکاشییە دەگەڕێتەوە سەر هیگڵ، تێگەیشتن لە تێکست وەک نیشاندەرەوەی «ڕۆحێکی گشتی» ڕۆحێکی گشتی کە بمانەوێت و نەمانەوێت، ئامادەیەو تێکست هەمیشە لە دوا دەرەنجامدا بەجۆرێک لە جۆرەکان، بەرجەستە بوونی ئەو ڕۆحە گشتییەیە، لە پشت تەفسیری لۆکاشیشەوەیە بۆ ڕۆمان، ئاشکرایە تەفسیری لۆکاشییانە دەستکارییەکی کەمی ئەو بۆچوونە هیگلێیەیە. ڕۆمانی مێژوویی دێت بۆ ئەوەی شتێکی گشتی بەرجەستە بکات، ئەو خواستێتی «ڕۆحی سەردەم»مان نیشان بداتەوە. لە ڕاستیدا گومان و کەم باوەڕیم بە ڕۆمانی مێژوویی لەکەم باوەڕییەوە بە «ڕۆحی سەردەم» سەرچاوە دەگرێت. پێموایە لەسەردەمی لۆکاشەوە تا ئەمڕۆ دیدگای ئێمە بۆ مێژوو گۆڕانکاری بنچینەیی بەسەردا هاتووە. کە قسە لە ڕۆحی سەردەم دەکەین واتە باوەڕمان بەوەیە ڕاستییەک یان ڕووداوێک یان گرووهێکی کۆمەڵایەتی پتر لەوانی دی تەعبیر لە ڕۆحی سەردەم دەکەن، بەڵام ئەم سیستەمە زاراوەییە بە تەواوی لەژێر گوماندایە. بە باوەڕی من شتێک نییە ناوی ڕۆحی سەردەم بێت. سەرچاوەی ئەم تێگەیشتنە دەگەڕێتەوە بۆ ڕاڤینی «ئامانجگەرا- غائی» لە مێژوو. بۆ ئەوەی پێتوابێت کە مێژوو ڕەوتێکی دیاریکراوی هەیە و بڕینی ئەو ڕەوتە حەتمییە، کە تۆ باوەڕت بە حەتمییەتی مێژوویی بوو، ئەوکات دەبێت باوەڕیشت بەوە بێت مێژوو پەیامێکی ناوەکی هەیەو ئەو پەیامە ناوەکییە نوێنەرو بکەری تایبەتی خۆی هەیەو ئەم نوێنەرانەو ئەو ڕووداوانەی ئەوان لە مێژوودا سازی دەدەن، بەپلەی یەکەم تەعبیر لە ڕۆحی سەردەم دەکەن. ئەوکات ئەدەبیش ئەو ململانێیە بەرجەستە دەکات کە لە دەوری ئەو نوێنەرانەن بە بۆچوونی من هەموو ڕۆمانێک مێژووییە، بەڵام بە تێگەیشتنێکی دیکەوە بۆ مێژوو کە تۆ هەموو مێژووت کورت کردەوە بۆ یەک هێڵی گشتی، بۆ دوو لانەیەکی بچووک، بۆ ئەوانەی کە تەعبیر لە ڕۆحی سەردەم دەکەن و

ئەوانەی دژی ئەو ڕۆحە کاردەکەن، بۆ ئەوانەی پەیامێکی مێژوویيان هەیەو ئەوانەی نییانە، ئەوانەی نوێنەری گەشەی مێژوویین و ئەوانەی دژی ئەو گەشەیەن، لەم دۆخەدا هێڵکارییەکی کاریکاتۆریت بۆ مێژوو کێشاوە کە دیارە دەرەنجامەکەی تێگەیشتنێکی کاریکاتێریشە لە ئەدەب، سەرەتا ئەرکی سەرەکی خۆ ڕزگارکردنە لەو جۆرە تێگەیشتنە لە مێژوو، ئەو تێگەیشتنە عموومییە کە بەکەڵکی مێژوونووسە ئایدۆلۆژیستەکان دێت، نەوەک بەکەڵکی نووسەری ڕۆمان، ڕۆحی سەردەم کورت ناکرێتەوە بۆ یەک دیاردەو یەک جەمسەرو یەک هێز.... هەموو شتە وردەکان مێژووی خۆیانیان هەیە، مێژوو چیدی ئەو ڕەوتە گەورەو مەزنە نییە کە نوخبەیەکی هەڵاوێردکراو لە سیاسەتمەدارو بیریارو نووسەر بەخۆیان و ئاڵایەکەوە پێش خەڵک دەکەون و جیهان سەرەو ژوور دەکەنەوەو دۆزەخ هەڵدەگێڕنەوە بۆ بەهەشت و کۆت و زنجیرەکان دەپچڕێنن. ئەمجۆرە وێنەیەی مێژوو لە بنەڕەتدا هیچ نییە جگە لە ونکردنی هەمەڕەنگی ناو مێژوو لەوێنەیەکی عموومیدا. گەر هاتوو ڕۆماننووس لەم وێنەیەوە دەستی پێکرد ئەوکات هیچ ناکات، جگە لەوەی پاڵەوانەکانی دەکاتە کۆمەڵێک کاراکتەری قورمیشکراو، لای ڕۆماننووس خودی ئەو مێژووە گشتییە یان بایەخی نییە یان گەر بایەخی هەبێت ئەوا لە پێناوی بەرجەستەکردنی شتی دیکەدایە. ئەوەی ناوی دەنێین مێژوو، کەرنەڤاڵێکی مەزنی دەنگ و ڕەنگە، دنیایەکی فراوانی دژایەتی و جەمسەرگیری و ئاشتی و جەنگ و پەشیمانییە، لەو مەیدانەدا یاسایەکی گشتی و پرەنسیپێکی سەرتاسەری نییە کە هەموو شتە جیاوازەکان لەیەک هاوکێشەدا کۆبکاتەوە، لەم کەرنەڤاڵە گەورەیەشدا ڕۆمان داگەڕانە بۆناو مێژووی شتە بچووکەکان، بۆ ناو چارەنووس و ژیانی ئەو کاراکتەرە بچووکانەی کە لە خوارەوەن، جیاوازی گەورەی نێوان مێژوونووس و ڕۆماننووس ئەوەیە مێژوونووس لەوساتەشدا کە بایەخ بە کاراکتەرە بچووک و ڕەگەزە لاوەکییەکان دەدات. مەبەستی دیاریکردنی پێوەندی ئەو ڕەگەزانەیە بە جەریانێکی گشتییەوە کە دەکەوێتە ئەو دیوی خسووسییەت و تایبەتمەندی ئەو شتانەوە، ئەوەی لای مێژوونووس گرینگە ئەوەیە کە ئەو شتانە بە چ شێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بە ڕووداوە مەزنەکانی مێژووەوە بەستراون، لای مێژوونووس چیرۆکی عەشقێک لە دەرباری سوڵتاندا ئەو کات بایەخی هەیە کە کاریگەری لەسەر ستراکتۆری سیاسی و هاوسەنگی نێوان هێزەکانی دەرباردا هەبوو، ئەوکات بایەخی هەیە کە کاریگەری لەسەر سەرکەوتن و شکستەکانی داهاتوو هەبوو، بەڵام لای ڕۆماننووس بەدەر لەو تێگەیشتن و خوێندنەوەیە، عەشقێک لە دەرباری سوڵتاندا هەڵگری ماناو دەلالەتی دیکەیە کە کەم تا زۆر پێوەندی بەو دەلالەتانەوە نییە کە مێژوونووسێک بۆی دەگەڕێت، ڕۆماننووس هەتا لە ڕووبەرە گەورەکانیشدا، هەتا لەوکاتەشدا کە باس لە ڕووداوە مێژوویيە واقیعییەکان دەکات، بۆ شتە گشتییەکان ناگەڕێت، بەڵکو مەبەستێتی لە پشت شتە گشتییەکانەوە خسووسییەت و تایبەتمەندێتی شتە وردەکان بەرجەستە بکات، واتە ڕۆماننووس کە تەسلیمی ئەو هێزەش دەبێت کە ناوی دەنێین ڕۆحی سەردەم، لەو کاتەشدا هێشتا بۆ تایبەتمەندێتی شتەکان دەگەڕێت، ڕۆمان چالاکییەکی مرۆڤە دژ بە ونکردن و سڕینەوەو کوشتنی شتە تایبەتییەکان لەناو وێنەیەکی گشتیدا. ڕۆمان بەخشینەوەی ژیان و حورمەت و گرنگییە بە هەموو ئەو شتانەی مێژوونووس بایەخیان پێنادات، واتە دواجار جیابوونەوەیەکی دەلالیانەی قووڵ لەنێوان دنیای ڕۆماننووس و مێژوونووسدا هەیە مێژوونووس و ڕۆماننووس دوو یەکەی پێوانەی تەواو جیاوازیان هەیە. مێژوونووس بەپێی دوورو نزیکی لە ڕووداوێکی مێژوویی گشتییەوە بایەخ بە ڕەگەزە تایبەتییەکان دەدات، لە کاتێکدا ڕۆماننووس بەپێی دوورونزیکی لە خەسڵەتە تایبەتییەکانی کاراکتەرێکەوە بایەخ بە ڕووداوە گەورەکان دەدات، لەلای مێژوونووس فەرد بە ئەندازەی بایەخ و کاریگەری لەسەر ڕووداوەکان ئامادەگی هەیەو نرخی هەیە، لای ڕۆماننووس ڕووداوەکان بە ئەندازەی کاریگەرو بایەخیان لەسەر کاراکتەرە فەردییەکان ئامادەگی و مانایان هەیە.... ستراتیژی کارکردنی ڕۆماننووس و مێژوونووس لە ئاستە قووڵەکەیدا تەواو دژ بەیەکن.

**ڕامان:** زۆربەی زۆری ڕۆمانە کوردییەکان مامەڵە لەگەڵ پاڵەوانی ئەفسانەیی و سوپەرماندا دەکەن، بۆچی نەتوانراوە زیندەوەران و سروشت بەباشی تەوزیف بکرێت؟

**بەختیار عەلی:** ئەدەبێک نەتوانێت مرۆڤ بەباشی تەوزیف بکات، ناتوانێت زیندەوەران و سروشتیش بەباشی تەوزیف بکات، بەهەرحاڵ دەکرێت ئەدەب خاڵی بێت لە سروشت و زیندەوەرانی دی، بەڵام ناکرێت خاڵی بێت لە ئینسان.... دیارە گوتەزایەکی وەک «خاڵی بوون لە ئینسان» ماناگەلێکی زۆری هەیە، کە دەڵێم ئەدەبی ئێمە خاڵییە لە ئینسان مەبەستمە بڵێم ئەدەبی ئێمە پڕە لە وێنەی کاریکاتێری بۆ مرۆڤ. یەکێک لەو وێنە کاریکاتێرییە سەنتراڵ و جەوهەرییانە وێنەی پاڵەوانی سوپەرمانە، بەڵام وێنەی پاڵەوانی سوپەرمان تەنیا وێنەی کاریکاتێری مرۆڤ نییە لە ئەدەبیاتی ئێمەدا، بەڵکو جگە لەو وێنەیە، وێنەیەکی کاریکاتێریترو زاڵتریشمان هەیە، وێنەی ئەو پاڵەوانە سلبییە، دابڕاوە لە ژیان کە لەناو دەریایەک لە مەنەلۆگی

ناوەکی بێسوودو بازنەییدا ونبووە، کە لە هیچەوە دەست پێدەکات بەرەو هیچ دەڕوات و لە هیچدا کۆتایی پێ دێت. من پێموایە تەنیا پاڵەوانی سوپەرمانئاسا کاریکاتێریی نییە، بەڵکو ئەدەبیاتی ئێمە لە ناوەڕاستی حەفتاکان بەدواوە پاڵەوانێکی سەلبی کاریکاتێریشی بۆ بەرهەمهێناوین کە نموونەکەی بەدترو ترسناکترو کوشندەتر لەسەر ئەدەبی ئێمە تەواو بووە وەک لە پاڵەوانی سوپەرمانئاسا.

مرۆڤ براوەیەکی تەواو و قارەمانی ئەفسانەیی نییە، دۆڕاوێکی تەواو و شکستەیەکی موتڵەقیش نییە، مەزنی ژیان و موعجیزەی ژیان لەوەدایە کە ئەو شتانەی لە جێگایەکدا دەیدۆڕێنین لە جێگایەکی دی و لە بەرگێکی دی و لە ئاستێکی دیدا دەیدۆزینەوە، ئەوسەرکەوتنانەشی لێرەو لەوێ و لەم ئاست و لەو ئاستدا وەدەستی دەهێنین، بەرابەری هەمیشە ڕیزێک لە دەستدان و دۆڕان هەیە، هەموو دۆڕاوێک خەڵاتێک و بردنەوەیەک و دەستکەوتێکی دیکەی هەیە لە شوێنێکی دیکە، هەموو براوەیەکیش لەو دیو سەرکەوتنەوە دۆڕانێک و شکستییەک و لە دەستچوونێکی هەیە، لە ڕاستیدا ئامادەبوونی پاڵەوانی سوپەرمانئاسا لە ئەدەبی ئێمەدا ئێستاکێ لە کشانەوەیەکی گەورەدایە، ئێستا بەراورد بە پازدەساڵ لەوەوبەر ئەو جۆرە قارەمانە کەمتر دەبینرێت، ئەو جۆرە ئەدەبەو نوێنەرەکانیشی تا ئەندازەیەکی گەورە شوێنی خۆیان دۆڕاندووەو چیتر شوێن بایەخی ئەدەبی نین. ئەمجۆرە ئەدەبە زۆربەی کات لەسەر ژێرخانێکی ڕۆشنبیری هەژار وەستاوە، لەبەر ئەوە کە بەرەنگاری دیدگایەکی فیکری دەوڵەمەندتر دەبێت، جگە لە پەلاماردان و توهمەتباران کردن، شتێکی فیکری ئەوتۆ گرنگی نییە بەرگری لەخۆی پێ بکات. بەهەرحاڵ ئەم ئەدەبە لە سەرەتای هەشتاکانەوە گورزی کوشندەی بەرکەوتووەو چۆتە پەراوێزەوە، مۆدیلی ئەو پاڵەوانانەی چیرۆکنووسێکی وەک شێرزاد حەسەن پێشکەشی کردین، تا ئەندازەیەکی زۆر ڕەونەق و ئەفسوونی لەو پاڵەوانە کاریکاتێرییە بڕی. لێرەوەیە دەکرێت بۆ سەردەمێک شێرزاد وەک گرنگترین چیرۆکنووسی «ئەنتی- ئایدۆلۆژی» تەماشا بکرێت.

دیارە لەو سەردەمەدا گەلەک خەڵکانی تریش هەن دژە ئایدۆلۆژیا بوون، بەڵام هەندێکیان ئەدەبەکەیان ئەو زیندووێتییەی نییە، ئەو توانای کاریگەرییەشی لەسەر نەوەی دواتر نەبووە. بابەتی سەرەکی شێرزاد لەو قۆناغەدا بابەت «عاشقی ناکام و شکستخواردووە»، شێرزاد ئەمجۆرە قارەمانەی لە سەردەمێکدا پێشکەش کردین کە سەردەمی «گەشبینی شۆڕشگێڕانە»بوو، سەردەمێک کە نەدەبوایە قسە لە شکستخواردن بکەین. ڕەخنەگرە مارکسیاوییەکانی ئەو سەردەمەو «ئێستاش» ئەمجۆرە هەناسەیە بە هەناسەی«بۆرژوای بچووک» دەزانن، لای ئەوان ئەوەی لە سەرکەوتنی کۆتایی و حەتمی هەژاران دڵنیا نەبێت، بۆرژوای بچووکە هەر لەو قۆناغەدا دیدێکی تر بۆ ڕەخنەی ئەدەبی فۆرمەلا دەبێت کە جیاوازە لەو ڕەخنە ئایدۆلۆژییەی بانگەواز بۆ پاڵەوانی نموونەیی و ئیجابی و سوپەرمانئاسا دەکات، ڕەخنەیەک کەرەستەی مەنهەجی دیکەی هەیە، لەو بوارەدا «ئازاد عەبدولواحید» وەک ڕەخنەگرێک لە چەشنێکی دیکە، سروشتێکی دیکە دەبەخشێت بە ڕەخنەی ئەدەبی ئێمەو وەک ڕەخنەگرێکی تەنیا بەرابەر جەبەڕووتی تێگەیشتنێکی ئایدۆلۆژی لە ئەدەب کە سەردەمانێک ڕەحمی بەکەس نەدەکرد لە پاڵ داهێناندا دەوەستێت، ئەو سەرەتایەی بەو چەشنە لە چیرۆک و ڕەخنەدا دێتە پێشێ، جۆرە تام و چێژێکی ئەدەبی دیکە دروست دەکا کە چیتر ئەو پاڵەوانە سوپەرمانئاسایانە تێری ناکەن. هەشتاکان لانکەی لە دایکبوونی جۆرە زەوقێکی ئەدەبی دیکەیە کە نایەوێت ئایدۆلۆژیا ڕێنمایی بکات.

لەمانە بگوزەرێت «پاڵەوانی سوپەرمانئاسا» لە ئەدەبی ئێمەدا گەلەک ڕیشەی سیاسی و کولتووری هەیە کە بەمجۆرە کورتیان دەکەمەوە.

١- دین سەرچاوەی هەرە گەورەی مرۆڤی سوپەرمانئاسایە، دین سەرچاوەی بەستنەوەی مرۆڤە بە موعجیزەوە. مرۆڤی ئیماندار ئەو کەسەیە کە موعجیزە دروست دەکات.

کەسێکە ئیمان هێزی ترو توانای تری تێدا دەخوڵقێنێت، ئیمان دەیخاتە پلەیەکەوە باڵاتر لە پلەی مرۆڤە ئاساییەکان، پێغەمبەرەکان و هاوەڵەکانیان لە پلەی مرۆڤی ئاساییدا نین و ناخرێنە ئەو پلەیەوە. پاڵەوانی سوپەرمانئاسا لەوانەیە بەمانا تەقلیدییەکەی ئایین ئایینگەرانە بێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە پاڵەوانێکی ئیماندارە، هیچ قارەمانێکی سوپەرمانئاسا لە ئەدەبدا نییە ئیماندار نەبێت. نەوەک هەر ئەوەندە، بەڵکو پاڵەوانی سوپەرمانئاسا، زۆر جار بەرهەمی ستایش و پیاهەڵدان و بەرز ڕاگرتنی جۆرە ئیمانێکی دینی یان سیاسییە؛ واتە خۆی سکێچێکی پڕوپاگەندەی دینی و سیاسییە، هەموو سوپەرمانەکان چەندە قارەمانێتیی خۆیان و مەزنیی خۆیان بەرجەستە دەکەن، دەهێندە سوپەرمانییەتی ئەو سیستمە فیکرییانە بەرجەستە دەکەن کە دەبنە نوێنەریان. مرۆڤ نابێتە سوپەرمان تا ئەو نرخانە بەرجەستە نەکات کە لێی داوا دەکرێت، ئەو نرخانەی پتر نرخی ئایینی و کۆمەڵایەتین. سوپەرمان نابێتە سوپەرمان گەر درۆزن بوو یان ئەگەر خیانەتی لە خۆشەویستەکەی کرد.. تاد سوپەرمانەکانی ئەدەبیاتی ئێمە خاڵی نین لەو ڕەهەندە تەوتەمییە دێرینە، لە یەکێ لە چیرۆکە سوپەرمانئاساکانی ئێمەدا، پاڵەوانی چیرۆکەکە هێندەی لە دووریی دەیان کیلۆمەترەوە چاوی بە ئاگری گوندەکەیان دەکەوێت، ئیدی بەسەر ساردو سەرمای شەودا زاڵ دەبێت کە خەریکە لە پەلوپۆی دەخەن و زیندوودەبێتەوە.. ئەمجۆرە پاڵەوانە پتر لەوەی پاڵەوانێک

بێت لە هێزی ناوەکیی مرۆڤ خۆیەوە سەرچاوەی گرتبێت، پاڵەوانێکی ئایینییە. سوپەرمانەکانی ئەدەبی ئێمە، ختووکەی ئەو خەیاڵە دینییە دەدەن، ڕیشەکانیان لەو کولتوورەوە سەرچاوەی گرتووە.

٢- ناسیونالیزمی کوردی، کارخانەیەکی مەزنی سوپەرمان دروستکردنە. هەموو ئەو میللەتانەی لەبەر هەرەشەی لەناوچووندان وەک میکانیزمێکی بەرگریکردن، وێنەی «لانەی شێران» دەدەن بەخۆیان. وێنەگرتنی لاوانی کورد وەک تاقمێک بەچکەشێر کە ترسیان لە مردن نییە، ئیدیالی ناسیونالیزمی کوردییە. سەمبولی پاڵەوانی سوپەرمانی لە کاوەی ئاسنگەرەوە دەست پێدەکات و بە دوازدە سوارەی مەریواندا تێدەپەڕێت تا دەگاتە هەموو ئەو سومبولە تازانەی مرۆڤی سوپەرمانی کە ناسیونالیزمی کوردی لەم چەند ساڵەی دواییدا بە لێشاو بەرهەمی هێناون.

یەکسانکردنەوەی گەورەی پاڵەوان بە گەورەیی نەتەوە، سوپەرمانییەتی پاڵەوان بە سوپەرمانییەتی نەتەوە، هەوڵدانێکی گەورەی هەموو ناسیونالیزمە چەپێنراوو بریندارکراوەکانە. ناسیونالیزم لەسەر بەرز ڕاگرتنی نەتەوەو سمبولەکانی دەژی. ئەدەبیش کارخانەیەکی مەزنی دروستکردنی سمبولی ناسیونالیستییە. بۆ نموونە حزبە ناسیونالیستییەکانی ئێمە، هەمیشە خۆیان بەلانکەی گەورەبوونی شێران شوبهاندووە. هەمیشە «قوتابخانەی شێرو پلنگ» بوون.

زۆربەی ئەدەبیاتی ئێمە لەگەڵ ئەم گەمەیەدا ڕۆیشتووە. دروستکردنی سوپەرمان بەشێک بووە لەو زمانە هاوبەشەی ئەدەبی ئێمەی بە سیاسەتەوە گرێ داوەتەوە.

٣- مارکسیزم سەرچاوەیەکی گرنگی سەرهەڵدانی پاڵەوانی سوپەرمانئاسایە. پاڵەوانی مارکس کەسێکە، جیهان دەگۆڕێت، سەرلەبەری هاوکێشەکان هەڵدەگێڕێتەوە، ڕۆحییەتی یەکێکی ئەفسانە سازیشی هەیە. پاڵەوانی ئیجابی لە سەنتەری تیۆری مارکسیستییانەی ئەدەبدایە. پاڵەوانی بێ هێزو بێ بڕوا، مۆدێلی ئەدەبی بۆرژوازییە.

ئەوە ئەدەبیاتی بۆرژوازییە کە ڕۆحی شکست بڵاودەکاتەوەو پاڵەوان بەرهەم دەهێنێت دەبەزێت و ناگاتە ئامانج، بەڵام پاڵەوانی ئەدەبیاتی مارکس تەنیا نوێنەری خۆی نییە، بەڵکو نوێنەری هێزی لە خۆی گەورەترە. نوێنەری مێژوو و چینەکەی خۆی و حزبی پێشڕەوی پرۆلیتاریایە. لێرەوە لاوازبوونی سەمبولە بۆ لاوازبوونی پرۆلیتاریاو ئەگەرە مێژووییەکەی. ئەم ئەدەبیاتە پاڵەوان بەسەر دوو جەمسەردا پۆلێن دەکات. جەمسەرێکیان پاڵەوانەکانی بەهێزو خۆگرو نەڕووخاون، جەمسەرێکی دیشیان پاڵەوانەکانی ڕووخاوو بەزیون.

لە نێوان سوپەرمان و مرۆڤی ڕووخاودا، لەنێوان پرۆلیتاریایەکدا کە مێژوو دەگۆڕێت و پیاوێکی بەزیودا جۆرە مۆدێلێکی دیمان پێشکەش ناکا.

بەپێی فەلسەفەی ئەم ئەدەبیاتە مرۆڤی ڕاڕاو دوودڵیش، پیاوێکی ئاسایی نییە، بەڵکو بۆرژوایەکی بچووکە کە دوودڵییەکەی نیشانەی باوەڕنەهێنانە بە حەقیقییەتی سەرکەوتن. دیارە قسەگەلێکی زۆر لەسەر ئەم ئەدەبە کراوە، بەجۆرێک ئەمڕۆ ئەو جۆرە ئەدەبە یان نەماوە یان چ نرخێکی ڕاستەقینەی نییەو لەناو هەندێ بازنەی سیاسیی زۆر بەرتەسکدا نەبێت ناخوێنرێتەوە، بەگشتی ئەو جۆرە پاڵەوانە ئیجابییەی کە پۆلێکی پێچەوانەی کۆی مرۆڤەکانی دی دروست دەکات، وێنەیەکی کاریکاتێرییە بۆ مرۆڤ کە دواجار بەرەنجامی تێگەیشتنێکی بەرتەسکە لە خودی مێژوو. بەگشتی لە هەر ژینگەیەکدا سیاسەت و جەنگ لە یەکدی جیانەبوونەوەو کەسی سیاسی بەجۆرێک لە جۆرەکان، مەحکووم بوو بەوەی جەنگاوەریش بێت، لەهەر ژینگەیەکدا شەڕ بەهەموو شێوەکانییەوە لە مەیداندا بوو، جەنگاوەری و بەهێزی مەرجێکی سەرەکیی ژیان و مانەوە بوون، لەم کۆمەڵگایانەدا پاڵەوانی ئیجابی، ڕۆڵێکی گرنگ و شوێنێکی سەنترالی هەیە، واتە پاڵەوانی ئیجابی لە جەوهەردا بەدەر لە هەموو دەمامکە دینی و وەزیفە سیاسی و ناسیونالی و ئایدۆلۆژیاکانی دیاردەیەکە پێوەندییەکی تەواوی بەو گوتارەوە هەیە کە من ناوی دەنێم «گوتاری مانەوە».

پاڵەوانی سوپەرمانئاسا، بەرهەمی ئەو گوتارەیە، بەرهەمی ئەو ئیرادەیەیە کە دەیەوێت بە هەموو شێوەیەک زیندوویێتی و گەورەیی خۆی نیشان بدات تا پتریش لە بوون و مانەوەی خۆمان دڵنیابین شوێنگەی پاڵەوانی سوپەرمانئاسا لەقتر دەبێت و زیاتر دەگەڕێینەوە بۆ باوەشی وێنە سروشتی و پڕ لە ناکۆکییەی مرۆڤ.

**ڕامان:** زۆر لە چیرۆکنووسان پێیانوایە ژانری چیرۆک، پلیکانەی ژمارە یەکە، مەرجە ببڕی، ئینجا دوای ئەوە نۆڤلێت بنووسیت، دواجار ڕۆمان. ئێوە ئەم هاوکێشە پلەدارە چۆن دەبینن؟

**بەختیار عەلی:** ئەمە وەکو ئەوەیە بە یاریکەرێکی ڕاکردن بڵێیت، تۆ بەرلەوەی ڕیکۆردی (١٥٠٠) مەتر بشکێنیت و ببیت بە پاڵەوان لەو جۆرە ڕاکردنەدا پێشتر دەبێت ڕیکۆردی (١٠٠)مەتری و (٢٠٠) مەتری و (٤٠٠)مەتریت شکاندبێت.

لە ڕاستیدا تاکە وەسفێکی ئەو قسەیە ئەوەیە بڵێین: «قسەیەکی بێ ئەندازە بێ مانایە.» ئەمە لە ڕووی مێژووشەوە سەفسەتەیەکی ڕووتە. داستانی درێژو ڕۆمان، تەمەنێکی زۆر درێژتریان لە کورتە چیرۆک هەیە.

گەشەی ڕۆمان و چیرۆکنووسە گرنگەکانی ڕۆمان بە چەند سەدەیەک لە پێش گەشەی کورتە چیرۆکەوەن. سەردەمانێک کە ڕۆمانی ئینگلیزی سەرهەڵدەدات و گەشەدەکات هاودەم

بەوان کورتە چیرۆکنووسی گرنگمان نییە. کورتە چیرۆک دواتر لەسەر دەستی «ئەدگار ئالان پۆ» و «مۆپاسان»دا دەبێتە ژانرێکی داڕێژراوو گرنگ. لە ڕاستیدا ئەمە ئەوە ئاشکرا دەکات ئەو عەقڵییەتە میکانیکییە رووکەشبینە کە لە ڕۆشنبیری ئێمەدا قسە لەسەر ئەدەبیات دەکات، چەند هەژار و بێ پاشخان و کۆمیدییە.

دەیان ڕۆماننووسی جیهانیمان هەیە کە لە هەموو ژیانیدا چیرۆکێکیان نەنووسیوە، بڕێکی زۆریش دوای نووسینی ڕۆمان، کورتە چیرۆکیان نووسیوە. بەهەرحاڵ من پێموایە ئەمجۆرە سەفسەتانە لە ئەدەبیاتی کوردی نابڕێت، لەبەرئەوەی کۆمەڵێک نووسەرمان هەن، ئەگەر ئەم جۆرە کۆمیدیایانە سازنەکەن و نەیکەنە بابەت، شتێکی تریان بۆ قسەکردن نییە.

لە ئەدەبیاتی ئێمە بۆتە شتێکی جایز وڕێنە بکەیت، ئەگەر ڕێگا لە وڕێنەکردن بگرین، دەبێت ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان دابخەین، دەبێت سوپاسی وڕێنە بکەین نەوەک مەعریفە کە ئەو هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارەمان هەیە.

**ڕامان:** ئێستا قسە لەسەر مەرگی ڕۆمان دەکرێت، تەکنۆلۆژیاو ئامێرەکان تا چەند توانیویانە خوێنەری ڕۆمان بدزنەوە بۆ خۆیان، تۆ چۆن لە مەرگی ڕۆمان دەڕوانیت؟

**بەختیار عەلی:** شتێک نییە ناوی مەرگی ڕۆمان بێت، ئەم ساتەی ڕۆمان گەشترو کراوەترو دەوڵەمەندترین ساتێتی. سەدەی پێشوو سەدەی ڕۆمان بوو، تا ئێستاش هەر وایە.

ئەم ساتە ڕۆمان خوێنراوەترین چەشنی فیکری و ئەدەبییە، مانگانە هەزاران ڕۆمان دەردەچن و بە دەیان هەزار نوسخە و هەندێک جار بە چەندین ملیۆن نوسخە و لەیەک کاتدا بە چەندین زمانی جیاواز.

ئەمڕۆ دەیان شێوازی نووسین پێکەوە دەژین. لە ئەدەبیاتی دنیای دەرەوەی خۆرئاوا کەم تا زۆر سەرنجی خوێنەرانێکی زۆر لە خۆرئاوا ڕادەکێشێت. ئەو قسەیەی کە گوایە کۆمەڵگای تەکنۆلۆژیا کۆمەڵگای خێراییەو ئیتر خەڵکی کاتیان نییە ڕۆمانی درێژ بخوێننەوە، جگە لە نوکتەیەکی بێ مانا کە نیشانەی بێ ئاگاییە لە دنیا هیچی تر نییە. ئەو قسەیەی کە دەڵێت تا زەمەن بەرەو پێشەوە بڕوات، ڕۆمان کورتتر دەبێتەوە، قسەیەکی بێ بنەمایە، ئەو قسەیەی کە گوایە سینەما دەتوانێت ڕۆمان بکوژێت تەواو بە پێچەوانەوەیە.

زۆرجار سینەما هۆیەکی گرنگی سەرنج ڕاکێشانە بۆ ئەدەب، دوای ئەوەی فیلمی «نەخۆشی ئینگلیزی» بڵاوبووەوە هاوشان بە فیلمەکە، سەدان هەزار دانە لە ڕۆمانەکەش فرۆشراو وەرگێڕدرایە سەر چەندین زمانی دیکە. دیارە من باوەڕم بە هیچ جۆرە مردنێک نییە، نەشیعر، نەشانۆ، نەشێوەکار هیچیان نامرن و لەبەر هەڕەشەی مردندا نین.

ئەوەی کە دەگۆڕێت کاریگەری و دەسەڵاتی ویژدانی ئەو ژانرانەیە لەسەر خەڵک.

ئەوەی کە دەبێت قسەی لەسەر بکەین ئەوەیە ڕۆمان یان ڕۆماننووس ئەو ئەفسوون و کاریزمایەی هەیە، بڕێک لە ڕای گشتی بگۆڕێت؟ واتە پرسیارەکە ئەوە نییە «ئایا ڕۆمان مردووە یان زیندووە، بەڵکو ئەوەیە ئایا کاریگەریی ڕۆمان و ڕۆماننووس لەسەر مەجرای شتەکان چەندە؟».

ئەوەی لێرەدا دەبێت قسەی لەسەر بکەین ئەوەیە کە کاریگەریی ڕۆشنبیران بەگشتی لە دنیادا پاشەکشەیەکی بەخۆیەوە بینیوە. دیارە کە وا دەڵێم پێش وەخت ئاگادارم ڕۆشنبیران و داهێنەران، لە هەموو ئان و زەمانێکدا، هێندەی لە داڕشتنی سیستمی ڕەخنەو ئۆپۆزیسیۆندا دەور دەبینن، لە داڕشتن و بەهێزکردنی سیستمی باوو باڵادەستدا دەورنابینن؛ واتە بۆ ئەوەی لە دەوری ڕۆمانیش تێبگەین، دەبێت لەو نیگایەوە سەیری بکەین ئایا ڕۆمان چ دەورێک دەبینێت لە فۆرمەلەکردن و دەوڵەمەندکردنی دیدێکی ڕەخنەییدا بۆ ئێستای دنیا و ئێستای ئەو کۆمەڵگانەی لەسەر ئەم ئەستێرەیە دەژین.

پێموایە لەم ساتەدا ڕۆمان، ڕۆڵێکی مێژوویی دەگێڕێت، هیچ جنسێکی فیکری و ئەدەبی بە ئەندازەی ڕۆمان چاوی دنیاو هەمەڕەنگیی دنیاو شێوەی ئەو ماجەرایانەی لە هەناوی کۆمەڵگا جیاوازو کولتووره جیاوازەکاندا ڕوودەدات ڕوون نەکردووینەتەوە. ڕۆمان تاکە ژانرێکی ئەدەبییە وا دەکات بتوانین جیهان بەجۆرێکی ڕووناکترو شەفافتر ببینین.

ئەم وەزیفەیەی ڕۆمان بەردەوام لە گەورەبووندایە، لەگەڵ نزیکبوونەوەی کولتوورەکان و جیهانەکاندا ڕۆمان ڕۆڵێکی گەورەتر دەبینێت لەوەدا لە قووڵایی کۆمەڵگاکان نزیکمان بکاتەوە، لێرەوە هەست دەکەم لە سەردەمی گلۆبالیزمدا ڕۆمان ڕۆڵێکی مەزنتر لە زیادکردنی توانامان لەسەر بینین و توانامان لەسەر تێگەیشتن و توانامان لەسەر ڕەخنەگرتن دەبینێت، بۆیە پێموایە ئەم سەدەی دێت، بایەخی ڕۆمان و شوێنی گەورەترو گرنگتر دەبێت.

ڕۆمان ئەمڕۆ بەشی هەرە گرنگی شوناسی ڕۆشنبیریی میللەتانە کە گوتت ئەدەبم هەیە دەبێت ڕۆمانت هەبێت، نەبوونی ڕۆمانی مەزن مانای نەبوونی جێگا لەسەر نەخشەی ئەدەبیاتی دنیا، ئەمڕۆ ڕۆمان ئەو جنسەیە کە گەشەی ئەدەبیاتی پێ دەپێورێت کە کێشەکان و کۆمەڵگاکان بەیەک دەناسێنێت.

نا ڕۆمان نزیکە مردن نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەیان ئاسۆی گەورەو کراوە لەبەردەم ئەم جنسەدایە، دۆڕاوی گەورەش ئەو میللەتانەن کە ڕۆمانیان نییە یان ناتوانن ڕۆمانەکانیان بە دنیا بناسێنن..❖